کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-7-2007 18:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەترسی تیرۆر ولاوازبوونی هەستی نەتەوەیمان... چە ند پەیڤێک لەسەر کێۆماڵ کردنی سنووری حەمرین. لەلایەن هێزەکانی پۆلیس وئاسایشی کفری وگەرمیان.... بێباکی:

### کفری

تیرۆر بووەتە پەتایەکی کوشندە هەموو گەلانی ئازادی خوازی دونیا پێوە دەناڵێنن. مەترسی تیرۆر لەسەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد لەکاتی شەڕی نیوان یەکێتی سۆفیەت و ئەفغانستان کەڕیکخراوێکی تیرۆرستی بەناوی قاعیدە بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەستیان کردە کردەوە تیرۆرستیەکانیان وهەموو خەڵکێکی ئازادی خوازیان ئەکردە نێچیری خۆیان. تا وای لێهات هەموو دونیا بەدەست تیرۆرەوە دەیان ناڵاند ئەوانیش بەهاو کاری کۆمەڵێك ڕیکخراوی خیر خوارزەوە کۆمەکیان بۆ دەهات خۆیان ئەخزانە ناو مێشکی گەنجەکانی وولاتی عەرەبی و بەناوی جیهاد وعرووبە ئەیان کردە ئەندامی ئەو ڕیکخراوە. تیرۆر لە گەشەکردن دابوو تاکو



لەبەرەبەیانی [11]ی سێپتەمبەرکەڕووداوێك بوو هەمووجیهانی هەژاند هەموو جیهانی دیموکراسی ئەوەندەی تر رق ئەستوور ترکرد بەرانبەر ئەو دیاردە قێزەونە کەناویان ناوە جیهاد بەامبەر کوفر. کەبەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە مەرامە گڵاوەکانیان جی بەجی دەکەن. ئەوە بوو ئەمریکا و هاوپەیمانان گورزێکی کوشنەدەیان لەمۆڵگەو بارەگاکانین وەشاند ئەفغانستانیان ڕزگار کرد لەحوکمی ئەو جاهیلانە. لەدوای ئەفغانستان تیرۆرستان ڕوویان کردە عیراق ئەوکات ڕژیمی بەعس لە لەحوکم دابوو. لەکوردستانیش ڕێکخراوێکی تیرۆرستی پەیدابوو زۆر جار لەلایەن هێزی پێشمەرگەی یەکێتیەوە گورزی جەرگ بڕیان لێئەدرا تاکو پرۆسەی ئازادی کەعیراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە ڕزگار کرا ئیتر تیرۆرستان ئەوهەلەیان قۆستەوە لەبەر نەبوونی حکومەت وئەوبۆشاییە ئەمنییەی کە لە سەرەتا هەبوو بەلێشاو ڕوویان کدە عیراق کردەوەی خۆکوژی زۆریان ئەنجام داو زۆربەی کەخەڵکی عیراق ڕوویان لەووڵاتانی دەوروبەرو هەرێمی کوردستان ئەکرد. هەریمی کوردستان بەحوکمی ئەوەی لەدوای راپەڕینەوە حکومەت وپەرلەمان وئاسایش وپۆلیس وپێشمەرگەی تیرورستان نەیان ئەتوانی مەرامە گڵاوەکانیان بەئەنجام بگەیەنن.. بەڵام ماوەیەکە لەدوای هەڵمەتی پاك کردنەوەی بەغدا لەتیرۆرستان لەلایەن هیزەئەمنیە کانی عیراقەوە تیرۆرستان ڕوویان کردووەتە ناوچەکانی دیالە و حەمرین.. حەمرین کەدەکاتە سنووری هەرێمی کوردستان.. کورد دەیان ساڵە بۆ حەمرین تی دەکۆشی ئێستا تیرۆرستان کردویانە بەمۆڵگەی سەرەکی خۆیان.. بەڵام لەدوای هەندی کێۆماڵ کەبەسەر پەرشتی راستەوخۆی مەڵبەندی [26] ی ڕێکخستنی کفری وهێزەکانی پۆلیس وئاسایش وسرییەی فریاکەوتنی دووزەوە ئەنجام درا لەسنووری ناحییەی قەرەتەپە.. کۆمەڵێك زۆر تیرۆرستیان دەست گیر کرد. ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوەیکی خۆی تایبەت کرد بۆ تاوتۆی کردنی مەسەلەی تیرۆر لە سنووری حەمرین ئەوەبوو بڕیاری دا بەسەر پەرشتی مەڵبەندی کفری کێۆماڵیکی سەرتاسەری بکرێتە سەر ئەوناو چانە تاکو حەمرین بۆ پاك کردنەوەی لەتیرۆرستان. ئەوەبوو هێزێکی فراوانی بەڕیوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان وئاسایش وپۆلیس وپۆلیسی فریاکەوتنی کفری ودووز ڕوویان کردە ئەوناوچانە نزیکەی [300] تیرۆرست ودەیان پارچە چەکی جۆراو جۆر د ەیان ئۆتۆمبیلی تیرۆرستانیان دەست گیر کرد. ئەوهێزانە کەتاکو ئێستا ش پێشمەرگانە کارەکانیان رائەپەڕێنن. کەچی لەلایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-7-2007 18:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کۆمەڵێك خەڵکی بوودەڵو تەکەتوول چیەوە کارەکانیان بەناڕەوا ئەزانن و بەناهەقی لە قەڵەم ئەدەن.. بەڵا بەهاوکاری دڵسۆزان وهاووڵاتیان ئەو پێشمەرگە گیان لەسە دەستانە هەمیشە هەر سەر کەوتوو دەبن. هەمووخەڵکێکی پاك ونیشتمان پەروە لە گەڵیانە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.